سەرۆک کۆمار سەرخۆشی لە مەرجەعی باڵا سەید سیستانی دەکات بەبۆنەی کۆچی دوایی هاوسەرەکەی



عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید سەرۆک کۆمار سەرخۆشی لە مەرجەعی باڵا سەید سیستانی کرد بەبۆنەی کۆچی دوایی هاوسەرەکەی

سەرۆک کۆمار لەپاڵکدا کۆدەستی موتەبۆع کۆتووە تیایدا هاتووە

بەوپەڕی خەم و پەژارەوە، سەرخۆشی خۆمان ئاراستەی گەلی عێراق و ئومەتی ئیسلامی دەکەین بە کۆچی دوایی خاتوونی هاوسەری مەرجەعی باڵا ئایەتوڵا عوزما سەید عەلی حوسەینی سیستانی، خوای گەورە تەمەندرێژی بکات.

وتیشی بەو بۆنە خەمناکەوە، پرسەو سەرخۆشی و هاوخەمی قووڵی خۆمان ئاراستەی بەڕێز مەرجەعی باڵا و هەردوو کوڕەکەی، بەڕێز ئایەتوڵا سەید محەمەد ڕەزا سیستانی و بەڕێز ئایەتوڵا سەید محەمەد باقر سیستانی و بنەماڵە بەڕێزەکەیان دەکەین، داواکارین لە خوای گەورە کۆچکردووە بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات و ئارامی و دڵنەوایی بە خانەوادە و بەڕێز مەرجەعی باڵا و بنەماڵە بەڕێزەکەیان ببەخشێت.